**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

| |
|---|
| نمونەی دەهەمی ونبوو لە لۆقا ١٥: ٨- ١٠ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "هەڵوێستی خودا بەرامبەر بە گومڕاکان ولەناوچوان " .<br>پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : خودا کە نیشتەجێیە لە نێو فریشتەکاندا دەگەڕی بە دوای گوناهباران و دڵخۆش دەبێت بە تۆبەکردنی یەك لەوانە . |

## ٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

بڕوانە نمونەی کوڕی ونبوو .

## پاشکۆی ٤

## گەڕانەوەی ڕۆحی پیس وقەرزارەکان

" نمونەی گەڕانەوەی ڕۆحی پیس " لە مەتا ١٢: ٤٣- ٤٥ وە نمونەی قەرزارەکان لە لۆقا ٧: ٤٠- ٥٠ تایبەتن بە خۆشەویستی زۆر لە شانشینی خودا .

أ. گەڕانەوەی ڕۆحی پیس .

مەتا ٢٢: ١- ١٤ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن لە چیرۆکی نمونەکەدایە؟

تێبینیەکان .

بنەمای ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە لە بژاردەکانی خەڵکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە باوەڕیان بەوە نیە کە شەیتان یان ڕۆحی پیس بوونی هەیە . بۆیە جیاکاری ناکەن لە نێوان کاری شەیتان یان ڕۆحە پیسەکان و خراپەکارەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا نازانن کە هەندێ ڕوداوی ژیانیان هۆکارەکەی ڕۆحە بەدەکارەکانن .

## ٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

لەگەڵ ئەوەی مەڕی ونبوو لە ئینجیلی لۆقا و مەتا هاوشێوەن بەڵام هاوسەنگ و دەقاودەق لەیەک ناچن ئەم نمونەیە هەمان ئەو شێوازەیە کە ءیسا بەکاری هێنا لە زۆربەی وانە جیاوازەکاندا .

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٢: ٢٢ - ٤٢.**

ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ .

نیشانەی حوکمدانی لەناوچوونی شەیتان ، مەتا ١٢: ٢٢- ٣٧ چارەسەری بابەتی پەرجوەکانی عیسای مەسیح دەکات بە تێڕوانینی ئەوەی نیشانەیەک وبەڵگەیەکن لەسەر دەسەڵاتی شەیتان وە نیشانەی حوکمدان بەسەریدا و چارەنوسی کۆتایی کە لەناوچوونە . هەروەها بڕوانە مەتا ١٢: ٢، ٧ ، ١٠ ، ١٤ وە مەتا ١٢: ٢٢- ٢٣ .

نیشانەی یۆنان "یونس".

مەتا ١٢: ٣٨- ٤٢ هەروەها بڕوانە مەتا ١٦: ١ لەبارەی نیشانەی ئاسمانی وەکو ئاگرەکەی ئیلیا کە دابەزی لە ئاسمانەوە .

نیشانەی ئایینی نەرێنی .

ئەو ئایینداریەی کە فەریسیەکان و زانایانی شەریعەت پێداگریان لەسەر دەکرد لایەنی نەرێنی بوو نەوەك ئەرێنی ، ئەوان پێداگریان دەکرد لەسەر لایەنە نەرێنیەکانی پەیمانی کۆن و ئەم شتانەیان فێر دەکرد .

مامەڵە مەکەن لەگەڵ باجگرەکان وگوناهباران .

سەرپێچی ڕاسپاردەی شەممە مەکەن بە لێکردنەوەی گوڵە گەنم یان چاکردنەوەی نەخۆش .

لەبارەی نەزرو بەڵێندان بە خودا تاد ..

بیر بکەوە لەوانەی پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمەو دینداڕەکانی ئەمڕۆ داوای دەکەن .

بۆ هەموان : خواردنێکی دیاریکراو مەخۆ . خواردنەوەیەکی دیاریکراو مەخۆنەوە . سەما مەکەن . کاتێ پەرستش گۆڕانی مەڵێن . باوەڕتان بەوە نەبێت کە خودا لە جەستەیەکی مرۆڤانەدا خۆی ڕادەگەیەنێت یان لە دەوەنێکی گڕگرتوودا دەرچوون ٣: ١- ٦ .

گومان مەکە لە کتێبی ئایینەکەم ئایا ڕاستە یان نا ، وە هەوڵ مەدە دڵنیابیت لە ڕاستودروستیەکەی .

گومان مەکە لەو کەسەی دەڵێ من پێغەمبەرم یان ماۆستاو ڕابەری ئایینێکم وە هەوڵ مەدە دڵنیابیت لەوەی ڕاستە یان نا .

مامەڵە مەکە لەگەڵ ئەو کەسانەی ئایینێکی تریان هەیە وە زۆر شتی تر.

وە بۆ پیاوان ، سەرت مەتاشە ، مەچۆرە دەرەوە بێ ئەوەی سەرت داپۆشیت . وە بۆ ژنان ، خواپەرستی مەکە بە بێ سەرداپۆشین ، لەبارەی خواوە قسە لەگەڵ پیاوان مەکە ، خۆت بە جوان و کەشخە دەرمەخە لەبەردەم کەسانی تر ، قسە لەگەڵ پیاوان مەکە .

ئیدی لەلای پیاوان ومامۆستایانی شەریعەت لیستێکی ٣٦٥ قەدەغەکراوەکانیان هەبوو دەبوایە شوێنکەوتەکانیان پەیڕەویان بکردایە ، بۆیە عیسا لەمبارەیەوە نمونەی گەڕانەوەی ڕۆحی پیسی بۆ باس کردن.

**ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٢: ٤٣ـ ٤٥ .**

**ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٢: 45.**

عیسا ووتی ئەم نەوە خراپەکارە بەم شێوەیە دەبن ، مەبەستی لە ماڵێکی بەتاڵ ئەوەیە کە پەیڕەودەبێت بەسەر نەوەی خراپەکاردا ، واتە گەلی ئیسرائیل ئەوانەی عیسایان نەناسی وباوەڕیان پێی نەهێنا کە مەسیای چاوەڕوانکراو و دەستنیشانکراوە .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

**تێبینیەکان** .

مرۆڤ .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بەم بنەمایە یان وردەکاری بۆ ئەم نمونەیە . بۆیە تەنها وێنەیەکە بۆ نەوەی خراپەکار.

ڕۆحی پیس .

ئەوەی عیسا ویستی بیری لێ بکەینەوە ئەم نەوە خراپەکارەبوو لە مەتا ١٢: ٣٩ ، ٤٥ کە لە مرۆڤێك دەچێت هەشت ڕۆحی پیسی تێدا بێت ئیدی بەم شێوەیە . وە ڕۆحە پیسەکان وێنەیەك نین بۆ هیچ شتێك بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرنگ نیە بەڵکو تەنها ئامانج لێی وێنەیەکە بۆ نمونەکە .

شوێنی وشك .

وەك چۆن فریشتەکان گرێدراون بە سیستەمێکی جوانی و پڕی ژیان ئەوا فریشتە خراپەکارەکانیش یان ڕۆحە پیسەکان گرێدراون بە بێ سیستەمی و وێرانەو مردن . ئەم خاڵە زۆر گرنگە لە چیرۆکەکەدا.

شوێنی ڕۆحە پیسەکان و ئازادکردن پاشان شوێنی یەك ڕۆحی پیس و بەڵکو هەشت ڕۆحی پیس . بڕوانە مەتا ٣: ٥ ؛ مەتا ٤: ١٧ ؛ مەتا ٤: ٢٣ـ ٢٥ ؛ مەتا ١٢: ٢ ، ٧ ، ١٠ ، ١٤، ٢٤ ؛ مەتا ٢٦: ٥٩ ؛ ٢٧: ١ ، ٢٠ ، ٤١ .

## ٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

نمونەی گەڕانەوەی ڕۆحی پیس لە مەتا ١٢: ٤٣ـ ٤٥ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "خۆشەویستی زۆر لە شانشینی خودا " .

پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : شانشینی خودا بە ئاینی ئەرێنی دەناسرێ نەك نەرێنی ئەو بە خۆشەویستی زۆر وبنەمای خۆشەویستی دەناسرێ نەك نەرێنی . خۆشەویستی عیسا بەرامبەر بە خاوەن پێویستیەکان ونەخۆش و ئازادکردنیان نەك نەرێنیەکانی فەریسیەکان .

**٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.**

مەتا ١٥: ١٣ ؛ ٢١: ١٩ ؛ ٢٥: ١٨ ، ٢٦ـ ٢٨؛ ٢٥: ٤١ـ ٤٦ بخوێنەوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : هەریەك لەم بەشانە چیمان فێر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرمان دەکات؟

**تێبینیەکان ؟**

مەتا ١٥: ١٣ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

خۆشەویستی زۆر یان خۆتەرخان کردن وچەسپاویی و خۆڕاگری و کاری دروست نەك ترسی بەردەوام لە هەڵە کردن .

کاتێ هەوڵ دەدرێ هۆکار نەبێ بۆ هیچ زیانێك واتای ئەوە نیە پیرۆزیی بێت ! نەرێنی تەوراتی و شەریعەتی خۆشەویستی زۆر نیە . مەتا ١٥: ١٣

هەندێ نمونەی تر هەروەها فێرمان دەکات لەبارەی مەترسی ڕواڵەتی دەرەکی دوور لە ناوەڕۆک وناخ . مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٦ .

شانشینی خودا واتە ئایینی ئەرێنی عیسای مەسیح نەك ئایینی پیاوان ومامۆستایانی ئایینی جولەکە کە نەرێنی بوون .

مەتا ٥: ٢٠ .

دوو قەرزارەکە

لۆقا ٧: ٤٠- ٥٠ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیە پێشکەشکراوەکەی نێو نمونەکە تێبگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەما ڕاستەقینانە کامانەن چیرۆکی نێو نمونەکە لەخۆی دەگرێ ؟

**تێبینیەکان .**

ئەم چیرۆکە دەسوڕێتەوە بەدەوری دوو پیاودا کە هەردوکیان قەرزداری پیاوێک بوون ، ئەمەش ڕوونە ، بڕەکە پێنج سەد دینار بوو واتە کرێکارێکی ئاسایی دەیتوانی بە پێنج سەد ڕۆژ کارکردن ئەم بڕە پەیدا بکات ، بەڵام پەنجا دینارەکە بە پەنجا ڕۆژ پەیدای دەکرد . هیچ کام لەمانە

نەیان توانی قەرزەکەیان بدەنەوە ، بەڵام بێ ئەوەی خاوەن قەرز هەردوکیان بخاتە زیندانەوە لێیان خۆش بوو بە دڵگەورەیی خۆی .

ئیدی عیسا کۆتایی هێنا بەم نمەیە بە پرسیارێك لە بیسەران تاکو بیر بکەنەوە لە پەیامی سەرەکی کە ئەوەیە : کامیان خۆشەویستی زیاتریان پێ بەخشرا ؟ ئیدی شیمۆن ووتی پێم وایە ئەوەیان کە قەرزە زۆرەکەی لەلابوە . ئینجا عیسا نمونەکەی جێبەجێکرد بە بەراوردی ژنێك کە بە فرمێسک و قژی پێیەکانی دەسڕییەوە ، لەلای ئەو فەریسیەی کە لەماڵیان داوەت بوو بۆ نانخواردن ، گوناهە زۆرەکانی بەخشران چونکە خۆشەویستی زۆری دەربڕی .

## ٢. <u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

### أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لەلۆقا ٧: ٣٦- ٣٩ .

فەریسی .

لۆقا ٧: ١٦ ؛ لۆقا ٦: ٧ ؛ لۆقا ٧: ٤٤- ٤٦ ؛ لۆقا ٥: ٢٩- ٣٠ ؛ لۆقا ٧: ٣٦ ؛ ١١: ٣٧ ؛ ١٤: ١ .

ژنەکە .

لە ئیسرائیلدا ئاسایی نەبوو کەسانێك بێ ئەوەی داوەت کرابن بێنە ئەو ماڵە بۆ نانخواردن .

کاری ژنەکە گوزارش بوو لە سوپاسگوزاریەکەی و پێزانینی .

**ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ٧: ٤١- ٤٢ .**

**ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ٧: ٤٣- ٥٠ .**

بڕوانە پەیدابوون ١٨: ٤ ؛ دادوەران ١٩: ٢١ ؛ پەیدابوون ٢٩: ١٣؛ ٤٥: ١٥ ؛ ڕۆما ١٦: ١٦ ؛ ١پەترۆس ٥: ١٤ ؛ زەبور ٢٣: ٥ ؛ ٤٥: ٧ ؛ ١٤١: ٥ ؛ لۆقا ٧: ٥٠ ؛ ڕۆما ٥: ١ " کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی عیسای مەسیحی گەورەمانەوە لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە " بەراوردی بکە بە ئیشایا ٥٧: ٢٠- ٢١ .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**بزانە** :عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بەئم چیرۆکە .

**٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

نمونەی قەرزارەکان لە لۆقا ٤: ٤٠- ٥٠ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی بە "خۆشەویستی زۆر لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : خۆشەویستی زۆر لە هەستکردن بە لێخۆشبوونەوە سەرچاوە دەگرێت وە هەستکردنیش بەئەم ڕاستیەی لێخۆشبوون لەدەرئەنجامی باوەڕە بە مزگێنی ئینجیل .